# لەناو ناوەندی هەڵەبجە ـ چاک ـ یشدا  فایلدار هەیە ؟

حاجی ئەنوەر . 2007/7/29  سویسرا



ئەوڕاستیە، هێشتا ئەو پەیپێنەبردوە، بەڵام لەناو خەڵکیدا کۆن  بوە و هیچ جێگەیەکی لەناو گفتوگۆی، نەک سیاسیەکاندا بەڵکو ئاساییەکانیشدا نەماوە . ئەگەر پێیوابێت مەبەستی تەنزە!!!! زۆربەهەڵەدا چوە، خەڵکی زۆر لەوە بەئاگاترن، کە ئەو و گەندەڵچی و مافیاکانی کوردستان دەیبینن .

ئاخر کە مام و کاک کەسانی نەفس نزمی فایلدار دەبەخشن و پلەیان بەرزدەکەنەوە و بەچەپڵەڕێزان لەبەریان هەڵدەستن!!!! بێ حکمەت نیە.

مام وکاک پیویستیان بەو کەسانە هەیە، تەنها ئەوانە دەتوانن ئەنجامدەری کارەکانیان بن و ئەشهەدوبلاکەری گفتوگۆ دبلۆماسیە موجامەلەکانین بن .

لەچەند نوسینی جیاجیاو لە چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆدا ووتم: با ڕژێمەکانی سوریا وتورکیا وئێران بەدەردی سەدام بچن، ئەوسا سەرەزلەکانی فایلدارەکان دەردەکەون، ئەمانەی تائێستا ئاشکرا بوون لە گەجەروگوجەر زیاتر شتێکی دی نین .

هەموئەو فایلدارانە هەریەکەو بیانوی خۆیان بەیان کرد، هەموشیان ووتیان بەئاگاداری سەرۆکەکەمان پەیوەندیمان بە دەزگای موخابەراتی سەدامەوە هەبوە .

لە چ شوێنێکی دنیادا جاسوس وخۆفرۆش توانیویەتی ڕکەبەری سەرۆک بێت ؟ . ئەگەر سەرۆک چەند ئامانجێک نەپێکێک چۆن ڕێگادەدات لە جەستەی خۆیدا جاسوسی ڕکەبەرەکەی هەبێت ؟ . بۆیە سەرۆک بەسەرۆکی دەمێنێتەوە و لەدرێژەی ماوەی دانیشتنی لەسەر کورسی بێ ڕەکەبەریدا، توشی نەخۆشی قون دەبێت! .

کاک موحەمەدی سکرتێری حزبی سوسیال دیموکراتیش ووتی: نوسخەی ئەسڵی نامەکانی عەلی کیمیاوی لای کاکە ومامەن و ئەوان داوایان لێکردم پەیوەندیم بە کاک عەلی کیمیاویەوە بەردەوام بێت .

نەک کاک عەلی یەکەبەیەکەی فایلدارەکانی دەناسی بەڵکو فازیل بەراکێش یەکە بەیەکەیانی دەناسی و پەڕتوکەکەی خۆی بۆ ناردن (اغتیالات السید الرئیس) .

ئەم کاک عەلیەی لەمەڕ خۆمانیش کەباس لە نەبونی ڕکبەری خۆی لەناو چاکدا دەکات بێ مەبەست نیە.

1 ـ  ئەو دەیەوێت نامەیەک بۆ دەسەڵاتی گەندەڵی کوردستان بنێرێت کە خۆیان ئاسایی بێ ڕکەبەرە، وەکاتی ئەوە هاتوە کە حسابێکی بۆ بکەن ، کەئەم جۆرەکردارە هەرلەئێستاوە شکستی خواردوە و چاک ئامانەتێکە لەئەستۆی تەواوی مرۆڤ دۆستان وئازادیخوازانی کوردا و ڕێگا نادەن .

2 ـ خۆدەرخستنێکی منداڵانەیە کە هەرکەسێک کەمێک ئاگایی هەبێت  جورئەت ناکات دەم لە ووشەیەکی لەو جۆرە بدات .

3 ـ سەرەتایەکە بۆ ئەنجامێکی دڵتەزێن کە زۆردەمێکە دەسەڵاتی گەندەڵی ئێستای کوردستان کاری بۆ دەکات .

4 ـ  ئاگادریەکیشە بۆ ئەوکەسانەی کە چاک بەناوەندێکی تەواو دیموکراتیک و جەستەیەکی یەکپارچەی دەزانن و ئامادەی هاریکاری و پارێزگارین لێی و پێیان دەڵێت چاکیش هەڵقولاوی ئەو قواقعەی کوردستانە و

نامەنتیقە تاسەر بەپاکی و دیموکراتی بمێنێتەوە .
5 ـ لەسەروی ئەوانەشەوە سوکایەتیە بە تەواوی دۆستان وئەندامانی چاک، وەک چۆن فایلدارەکان سەرشۆڕن لەبەردەم سەرۆکەکاندا، ئەمانیش بەهەمان شێوە زۆر لەوە بێدەسەلاتترن کە خۆیان دەیبینن .
6 ـ دیارە کاک عەلی ( مەبەستم عەلی مەحمود) ە لەخۆڕایی نیە ئەو باسەی کردوە ، دەزانێت گەندەڵەکانی ناو چاک بەهەمان شێوەی گەندەڵەکانی ناو ینک و پدک پشتیوانی کوێرانەی لێدەکەن و لەترسی گردەبەفرینەی هاوینی شارەزور خۆیان لەقاپوتی حەیتەدا حەشارداوە .
7 ـ ئەگەر کاک عەلی ڕوونکردنەوەی بەڵگەدار نەدات لە مەبەستی سەرەکی نوسینەکەی و بیەوێت خۆی لەچوار چێوەی تەنزدا قەتیس بکات و ئەندامانی چاکیش بێدەنگ بن! ، ئەوا شەڕی نێوان خێرو شەڕ لە چاکیشدا دەتەقێتەوە و ئاشکراشە دەسەڵاتی گەندەڵی باشور پارێزگاری لە هاوچارەنوسەکانی خۆی دەکات و هێزی خۆبەخش و خوێنبەخشی کوردیش لە ئەهلی خێر .